کوێستان ژمارە ٧
تشرینی دووەمی ٢٠٠٧

### ئەساڵە نەسری لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتی کوێستان دا:

# ئەگەر کۆمپانیای بەرهەمهێنی (رۆتانا) لەگەڵ کۆمپانیایەکی هونەریی کوردی گرێبەست مۆر بکات دێمە کوردستان

**دیمانە: کاکە گەلاڵەیی**



**ئەساڵە مستەفا نەسری لەساڵی ١٩٦٩ دیمەشقی پایتەختی سوریا لەدایك بووە، لەسەرەتای ژیانی لەگەل باوکیدا خەریکی گۆرانی گوتن بووە ، لەناوەراستی حەفتاکان تاکو سالی ١٩٩١ گۆرانی بۆ منداڵان دەگوت، ئەو لەو ساتەی کە باوکی لە ١٩٨٦ کۆچی دوایی کرد خەمێکی گەورەی بۆ دروست بوو، کە دەبوایە خوشك و براکانی ودایکی بەخێو بکات بەوپێیەی کە خوشکی گەورە بووە. دوو خوشك و دووبرای هەن بەناوەکانی(ریم و ئەمانی و ئەنەس و ئەیهەم) هەروەها کچ و کورێکی بەناوی(شام و خالد) لەمێردی پێشوتری بەناوی(ئەیمەن ئەلزەهەبی) کە بەرهەمێنەرێکی گەورەی عەرەبیە لەبواری هونەریدا. أصالەی گۆرانیبێژ لە ساڵی ١٩٩٣ یەکەم ئەلبومی نوێی خۆی بەناوی(لو تعرفوا_ ئەگەر دەزانن ) بلاوکردەوە، هەروەها بۆ حەوت جار بۆتە باشترین کچە گۆرانیبێژی عەرەب، لەگەڵ ئەوەی ١٥ بروانامەی رێزلێنانی وەرگرتووە، لەهەمان کاتیشدا خاوەنی (٢٠)ئەلبوومی گۆرانییە، ئێستاش هاوسەری دەرهێنەری میسری بە رەگەز فەلەستینی(طارق العریان) لە گفتوگۆیەکی ئەنتەرنێتی توانیمان بەچەند پرسیارێك أصالەی دەنگ خۆش و خاتوونی سەرتەختی شانۆ عەرەبیەکان بدوێنین بۆ گۆڤاری (کوێستان)، دوای چەندین مانگ لەناردنی نامە بۆ سازدانی چاوپێکەوتنێك لەوەلامدا نووسیبووی:**

**" من شانازی دەکەم کە گەلێك بەوپەری خۆشەویستی گوێم لێدەگرن و خاوەنی هەستێکی جوانن، ئەویش کوردن بفەرموو قسە بکە و بەلام کاتم زۆر کەمە..!" منیش بەم پرسیارەی خوارەوە دەستم پێکرد.**

★من وەك کوردێك بۆ گۆڤاری کوێستان لەکوردستانی عێراق، دەمەوێ نوێترین هەواڵی تۆ گوێبیست بم و پێت بڵێم نازناوی (شازادەی گۆرانیبێژان)ی عەرەبت لێ پیرۆزەبێت .

ئەساڵە نەسری: سوپاس بۆ گۆڤارێکی کوردی هەرچەندە رەنگە نەتوانم گۆڤارە کوردیەکان بخوێنمەوە، یاخود بیانبینم، بەلام دەزانم خەڵکانێکی زۆری کورد هەن



ڕێز لە گۆرانیبێژی عەرەبو هونەرمەندانی عەرەب دەنێنو ببورە لەمانای(ناوی گۆڤارەکەتان ناگەم)؟.

مانای (کوێستان) واتا وڵاتی کێوان یان ئەو شوێنانەی کە لە هاویندا فێنکن وزستان و بەهاریش بەفر دایاندەپۆشی..

★ئەساڵە گوێی لە گۆرانی کوردی ڕاگرتووە؟

ئەساڵە نەسری: هەروەك چۆن لەکاتی سەیرکردنی تەلەفزیۆن، کە کۆنترۆڵم بەدەستەوەیە گۆرانییەکی تورکی دەبیستمو دەبینم، یاخود فارسیو وەهاش گۆرانی کوردی دەبینم، بەڵام لەهیچیان تێناگەم بەپێچەوانەی ئێوە، ئێوە لەخاکێك دەژین هاوبەشن لەگەڵ عەرەبەکان رەنگە هەمووشتان لەعەرەبی بگەن، بۆیە بە ئاسانی حەزدەکەن گوێ لەگۆرانی عەرەبی رابگرن لەگەڵ ئەوەشدا کە هەرچەندە هونەر پاسپۆرتو رەگەزنامەی نیە، هەموومان یەکسانین لەسەیرکردنی تابلۆیەکی(پیکاسۆو ڤانکوخ)هەمووشمان گوێبیست دەبین لە مۆسیقایەك، تەنها ئەوەیە لە وشەکان ناگەین، چونکە زمان هۆیەکی گەورەیە بۆ حاڵی بوون.

★ئێمە لەعیراقدا، خاوەنی هونەرمەند کازم ساهیرین، لەوڵامی پرسیاری ئەوەی بۆچی نایەییتەوە بۆ عیراق دەڵێ: عێراق داگیرکراوەو ناتوانم ئاهەنگ لەعێراق بگێرم، لەهەمان کاتیشدا گەلێك هونەرمەندی تری عەرەب وەك حسام ئەلرسامو ماجد ئەلموهەندس وچەندانی تر دێن کۆنسێرت دەکەن، کەواتە ڕات چۆنە بەرامبەر قسەکانی ئەو هونەرمەندە؟

ئەساڵە نەسری: وڵاتی کازم ئەلساهیر ئارام نییە، ئەو لەقسە وبڕیاردان کەسێکی سیاسییە، ئەگینا ئێمە لە سوریا شەرو تیرۆریش هەبوو ئاهەنگی شادیشمان دەگێڕا، هەروەها لە لوبنانی خوێناویش هەمان شت.. دواتر خۆمانو هەموو عەرەب دەزانین عەرەبەکانی بەغداو شارەکانی تر لە شارە کوردیەکان گیرساونەتەوەو.. بمبورە نامەوێ تەداخول لەکاری سیاسەت بکەم!

★لە بەرنامەی بەرێزتدا هەیە کۆنسێرتێك لە کوردستان ساز بکەیت؟

ئەساڵە نەسری: با بۆ نا ئەگەر کۆمپانیای بەرهەمهێنی (رۆتانا) عەقدێك مۆربکات لە گەڵ کۆمپانیایەکی هونەری کوردی بۆ ئاهەنگو کۆنسێرت من هیچ گرفتێکم نییە، دواتر لە ساڵی ٢٠٠٢ کە ئەلبوومی(قد الحروف)م بلاّوکردەوە، لە کوردستانی عێراق زۆرترین ئەلبومم فرۆشرا، کە لەسوریا پێیان ڕاگەیاندم، ئەمەش مانای ئەوەدەگەیەنێ لە کوردستانی عێراق بوونم هەیە.

★ لە ئێستادا نوێترین بەرهەمی هونەریت چییە کە پێمان ڕابگەینی؟

ئەساڵە نەسری: ئێستا گۆرانی(لاتخاف_ مەترسە)لە ئەلبومی خلیجی کلیپم بۆ کردووە، تەنها ئەوەی ماوە کە لەکەناڵی (رۆتانا) پێشکەش بکرێت، هەروەها ئێستاش ماوەیەکە لە ئاهەنگو بۆنەکان دوورکەوتوومەتەوە، چونکە خەریکی تۆمارکردنی دوو فیلمی خۆمم کە لەدەرهێنانی (طارق العریان)ی مێردمە، کە فیلمێکیان وێنەی دەگرینو کچە ئەکتەر (مُنی زَکی) لەگەڵم کاراکتەرەو فیلمەکەش ناوی(اسوار القمر)ە. هەروەها خەریکی کلیپ کردنی گۆرانییەکی (دویتۆ)مە لەگەڵ گۆرانبێژ (عاصی حلانی).

★ لەگەڵ کۆمپانیای بەرهەمهێنەری رۆتانا تاچەند خۆشبەختی کە زۆربەی بەرهەمەکانت بلاّ ودەکاتەوە؟

ئەساڵە نەسری: لەراستیدا وەکو پێویست رۆتانا گرنگی بەهەموو گۆرانیبێژەکان نادات، بۆیە پێویستە وەك یەك ئەلبومەکان بلاّوبکرێنەوە، هەتا لە پەخشکردنی ئاهەنگو کلیپی گۆرانیبێژەکان هەر بەیەکسانی بێت، پێم خۆشە رابگەینم کە چۆنو کەی رۆتانا بەجێ دەهێڵم ئەمە شتێکی ترە، بەڵام رەنگە سەدا سەد جێی بهێڵم.

★ بە چەند وشەیەك پێناسەت چیە بۆ ئەو هونەرمەندانەی خوارەوە؟

شیرین عبدالوهاب: نزیکترین کەسە لێم، دڵم بە شیرین خۆش دەبێتو دەنگی شیرین دەمکرێنێ.

یارا: یاراو شیرین وایان لێکردووم کە (غیرە) لەکچانی دەنگخۆش بکەم.

ماجدە رومی: کە ماجدە گۆرانی دەڵێت حەزناکەم کەسم لەلابێت، چونکە دەمەوێ گوێ بۆ ماجدە ڕابگرم بەتایبەت سرودە نیشتیمانیەکانی.

عاصی الحلانی: عاصی وەك برامە، ئینسانێکی زۆر پاکە هونەرمەندێکی رەسەنی عەرەبیە لە ئەلبومی داهاتووم گۆرانی بۆ داناوم.

نانسی: دەنگی خۆشە بۆ ئەو جۆرە گۆرانییەی کە ئەو دەڵێت، هیوام وایە سەرکەوتوو بێت.

طارق العریان: ئەو کەسەیە کە زۆر بە ئەمانەت دەمخاتە باوەشەوە وەك پەرژینە بۆ من.

★لە کۆتاییدا ئێمە شتێکمان نەماوەو چیت هەیە بۆهونەر بڵێی؟

ئەساڵە نەسری: سوپاسی گۆڤارەکەتان دەکەم کە وشەکانم بگاتە هەر هونەرمەندێك کورد یان عەرەب، هونەر کارێکی ئاسایی نییە، وەك نامە وایە ئەگەر ئەو نامەیەت هەڵگرت ئەبێت بیگەیێنی بەهەموو خەڵك، ئەوەش گرنگە کە چۆن دەگەیەنی ئەبێت هەوڵبدەی زۆر وریایانە بیگەیەنیو دووبارە سەرکەوتوو بن.